# میرابۆ

## گورگ لە پێستی مەڕدا



كاكەمین كەمال

لە مێژووی هەموو گەلانی جیهاندا، چەندین رووداو و بەسەرهاتی سەرنج راكێش جێی هەڵوەستە لەسەر كردنن، كە دەبنە پەند بۆ نەوەكانی داهاتووی ئەم گەلە و گەلانی تریش سودی لێوەردەگرن، زۆرێك لە سەركردەكان لە مێژووی گەلاندا هەڵدەكەون، لە بوارەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، دەبنە سەركردەی كارێزما، بە شێوەیەك دەبنە جێگای متمانەی هاووڵاتیانی خۆیان كە دەگاتە رادەی پەرستنیان، هەموو دیدو بۆچوون و لێدوان و رەفتارەكانیان وەكو پرانسیپ لەبەر چاو دەگیرێن، ئەوەی دیڵێن و دەیكەن كتومت وەكو خۆی رەچاوی دەكەن، رەنگە ئەم سەركردەیە لە رووخسار و ناوەرۆكدا، راستگۆبێت، نمونەی ئەمانەش لە ئەزموونی میللەتانی دونیادا زۆرن، بەڵام ئەوەی دەمەوێ لەم نووسینە كورتەدا بیخەمە روو، سەركردەی چەواشەكارە، كە بەڕاددەیەك لەلایەنی دەروونیەوە كاریگەری خۆی لەسەر خەڵك دروست دەكات، كە بێ چەندوچوون، پێڕەوی بۆچوونەكانی دەكەن، بە ماوەیەكی كورت بە هۆی تێگەیشتن و دراسەكردنی دەروونی میللەتەكەی و خواستویستی، لەو گۆشە نیگایە دەدوێ كە دەتوانێ لە وێدا لە وەتەری هەستیاری خەڵك بدات و خۆی لە پاڵ كۆمەڵێك دروشمی بریقەدار و هەست بزوێندا مەڵاس بدات، ئەگەرچی لە مێژوودا رەنگە بۆ ماوەكی كورت راستیەكان نا دیاربن، بەڵام دوور و نزیك حەقیقەتی رووداوەكان دەردەكەون، نمونەی ئەمە لە وولاتی فەرەنسا رویدا، كاتێك (میرابۆ) ووتاربێژی شۆڕشی فەرەنسی، ئەو شۆڕشەی كە لە (١٤ی تەمموزی ١٧٨٩) هەڵگیرسا و كاریگەری خۆی لەسەر هەموو گەلانی ئەوروپا و جیهان دروستكرد و دروشمەكانیش گەیشتنە هەموو سوچێكی جیهان.

میرابۆ بە هۆی قەرزەوە كەوتبووە بەندیخانە، بەڵام بە مەرسومێكی شاهانە لە لایەن لویسی شازدە ئازادكرا، لە ساڵی (١٧٨٠)، بەڵام مەرجی پاشا ئەوەبووە كە ببێتە دەستنێژو پیاوی خۆی لە ناو شۆڕشدا، دیارە ئەمەی لا پەسەند بووە وەك لە دواتردا دەركەوت.

دوای ئازادبوونی، (میرابۆ) بە ووتارە ووروژێنەرەكانی توانی خۆی بكوتێتە دڵی هەموو ئازادیخوازێكی فەرەنسا، بە چاوی رێزو پیرۆزیەوە تەماشای دەكرا، ووتارەكانی تۆمار دەكران و گوێیان بۆ هەڵدەخرا، بە ناوبانگترین ووتەكانی ئەوەبوو كەبە نێردراوی پاشای گوت: بڕۆ بە گەورەكەت بڵێ ئێمە لەسەر ویستی گەل لێرە( ئەنجومەنی نیشتمانی) كۆبووینەتەوە، بە نوكی نێزە نەبێت، ئێرە چۆڵ ناكەین. ووتارەكانی دژی پادشای فەرەنسا و بنەماڵەی بۆربۆن بوون، بانگی ئازادی رزگاربوونی گەلی فەرەنسا دەدا، بە ئاشكرا داوای شۆڕشی لە دژی بنەماڵەی بۆربۆن دەكرد.

میرابۆ بەر لە رووخانی پاستیل و سەركەوتنی شۆڕش لە تەمەنی چل و دوو ساڵی مرد، هەزاران كەس لە دانیشتوانی فەرەنسا بە شكۆ و رێزێكی زۆرەوە لە گۆڕستانی گەورەپیاوانی فەڕەنسا ناشتیان، مردنی ناوبراو هەموو فەرەنسای هەژاند، فرمێسكی وەفا و پەرۆشیان بۆ ڕژاند، بەڵام دوای ئەوەی گەلی فەرنسا هەڵیان كوتایە سەر كۆشكی لویسی شازدە، پادشای فەرەنسا، پەردە لەسەر حەقیقەتی ئەو بەناو گەورە پیاوە هەڵماڵرا و راستی هەموو رووداوەكان دەركەوت، لە بەڵگەنامەكانی پادشا دەركەوت كە میرابۆ پیاو و شۆفاری پادشابووە، هەموو نهێنیەكانی شۆڕشی سات بەسات بە پادشا داوە، بۆیە هەر ئەو ڕۆژە گەلی فەرنسا، هەمان ئەو خەڵكانەی فرمێسكی پەرۆشیان بۆ میرابۆ ڕژاند، روویان كردە گۆڕستانی گەوورە پیاوان و دەریانهێنا و بردیانە گۆڕستانی پیاو خراپان.

**میرابۆ لە سەدەی هەژدەدا، لەسەردەمی رۆشنگەری، توانی خۆڵ بكاتە چاوی گەلێكی خاوەن ئەزموون و ولاّتی فەیلەسوفانی وەكو ڤولتێر و مۆنتسكیۆ و رۆسۆ، شیا سەركردەكانی شۆڕش چەواشە بكات و بڕوای پێبكەن**، ئێستا هەلومەرجی درووستبوونی كەسانی وا لە سیسەمێكی شەفاف و قاڵبوی دیموكراسی ئەوروپا لە ئارادا نیە، بەڵام ئایا لەوڵاتانی تازە فراژووبووی سایەی سیستەمە داخراوەكان جیهانی سێدا زەمینەی درووست بوونی دەیان میرابۆ رەخساو نیە؟ وەڵامەكەی روون و ئاشكرایە، چونكە گەلانی ئەم ووڵاتانە كە رێژەی نەخوێندەواری تیایاندا بەرزە و گەورەترین خیانەت و درۆی سەركردەكانیان بە تاكتیكی سیاسی بزانن و دیزەبەدەرخۆنەكردنی سامانی نەتەوەیی خۆیان بەو گۆشتە بزانن كە قابیلی بازە، گومان نیە لە دروست بوونی هاوشێوەی میرابۆ، بۆیە توێژە رۆشنفكرەكانی ئەم گەلانە پێویستە لە راستی نیاز و مەبەستی سەركردەكانیان تێبگەن و لە هەمانكاتیشدا گومان لە هەموو كەسێكیش نەكەن و حەقیقەتی هەموویان وەكو خۆی بخەنە روو، ئەو ڕووداوەی فەڕەنسا كاردانەوەی زۆری لە تێگەیشتن و متمانەی میللەتان درووستكرد بە راستگۆیی سەركردەكانیان، لە هەمبەر دروشمە هەست ووروژێنەرەكانیان، مەگەر گورگ بن لە پێستی مەڕدا.